# سەردار

ئەو قەڵایەی کە بەرز وێستاوە

دوور لە وێستاکە هەوارگەی پیاوە

سەرسەراو و کۆشکی گەلێ سەردارە

بۆتە بەر دار، چ خودا بەردارە؟



نووسین و ئامادەکردنی: تاهیر ئیلخانی زادە

زستانی ٢٠١٧ ی زایینی - هولەند

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکان

www.rojhalat.de / www.bokan.de

لەمێژە بەتەمام ئەوەندەی لە دەستم بێت وبۆم بلوێ کورتە مێژوویەکی بنەماڵەی سەردارەکانی بۆکان بنووسمەوە. هەرچەند کەم وکورتیشی هەبێ، بەڵام پێم لە هیچ باشترە .

هیوادارم ئەم نەختە، هاندەری دڵسۆزانی مێژووی گەلەکەمان بێت؛ بەتایبەت بۆکانیەکان بۆ وەدوا کەوتن ودیتنەوە وساغ کردنەوەی مێژوویەکی تێر و تەسەلی ئەو بنەماڵە ناودارەی بۆکان. با ئەوەش بڵێم من ئەو کارەم بە ئەرکێکی سەرشانی خۆم زانیوە بەو هۆیەی "عشرەت خانم"ی هاوسەری "برایم ئا غا" ی مامم، کچی "حەمە حوسین خان"ی سەردار بووە. منداڵی نەدەبوو، وەك کورد دەڵێن وەجاخ کوێربوو، منیان کردبووە کوڕی خۆیان. ئەو خانمە بەڕێزە لە دایك دڵسۆز تر منی بەخێو کردبوو، منــیش تا ئەو ڕۆ ژەی وەفــاتی کرد وەك کوڕێکی بە ئەمەگ خزمەتم کرد.

لە لایەکی تریش "حاجی سمایل ئاغا"ی بابم کوڕی "سوغرا خانم"ی کچی "سەیفەدین خان" و نەوەی "عەزیز خانی سەردار"بوو، هەروەها دایکی دایکم بە نێوی "مەرزیە خانم" هاوسەری حاجی بایزئاغای ئیلخانی و کچی فاتمە خانم بووە. ئەو فاتمە خانمەش کچی عزیز خانی سرداربووە. ئەو خزمایەتیە لە ژنان ڕا لە نێو بنەماڵەی سەردار و ئیلخانیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕوژگاری عەزیز خانی سەردار.

کاتێ "مارف ئاغای دێبوکری" ژنی هەوەڵی مردووە، عەزیز خان برازایەکی خۆی داوەتێ بە نێوی "شاپەیکەر خانم" کە کچی فەڕڕوخ خانی برای بووە. مارف ئاغا لەو ژنە سێ کوڕی بوون بە ناوی حاجی محەمەد ئاغای ئیلخانی کە بە حاجی ئیلخانی ناسراوە، ئەحمەد ئاغای ئیلخانی و برایم ئاغا بابی سلێمان ئاغای حەمیدی. بەو بۆنەوە ماڵی حاجی ئیلخانی و ماڵی سەردار تێکەڵاوی و نیزیکییان زۆر بووە.

## عەزیز خانی سەردا ر



عزیزخان مکری سردارکل

هەوەڵ کەسی ناسراو و ناوداری بنەماڵەی سەردارەکان عەزیزخانی سەردار بووە. عەزیز خان ساڵی ١٢٠٧ قەمەری لە گوندی نستان نزیک بە سەردەشت لە دایك بووە . لە بابەت بنەچەکەی عەزیز خان وەك میرزا جەعفەر حەقایق نگار, لە کتێبی "حدایق الاخبار"دا لە باسی وقایعی ساڵی ١٢٧٩دا[1] دەڵێ: عەزیز خان بە خەتی خۆی لە لاپەڕەی کتێبێکدا لە بارەی بنەچەکەی خۆێ ئاوای نووسیوە:

[1] محەمە د جەعفەر خورموجی ، مێژوی قاجار ( حقا یق الا خبار ناصری) خد یو جەم لە چاپی داوەساڵی ١٣٤٤ ه.ج لا پەڕەی ٢٩٧

"عەزیزخان کوڕی محەمەد خان، کوڕی سارم بەگ، کوڕی مەحموود بەگ، کوڕی سارم بەگی کوڕی قوباد خان". لام وایە ئەو قوباد خانە هەر هەمان حاکمە ناودارەکەی موکریان بووە، کە شا عەباسی سەفەوی(شا عەباس ساڵی ۹۹۵ هجری ژیاوە) ساڵی قەتڵ و عامی موکوڕیان[2] بە فێڵ وتەڵەکە کوشتویە. جا بۆیە دەبێ بۆ ناسینی بنەچەکەی سەردارەکان کورتەیەك لە مێژووی حاکمانی موکری شی کەینە وە.

شەڕف خان بدلیسی(ساڵی ۹٤۹ قەمەری واتە ١٥٤٣ زایینی ژیاوە) دە شەڕەف نامە دا کە هەژار(هەژاری شاعیر موکوڕیانی ساڵی ۱۳۳۹کۆچی لە دایک بووە) کردوویەتە کوردی ئاوا باسی حاکمانی موکری دەکا:
[*دەڵێن فەرمانڕەوایانی موکری خەڵکی ناوچەیەکی شارەزوور بوون. هەندێکی دیکەش دەڵێن سەر بە تیرەی بابانین.*] وەك دەما و دەم زانراوە، سەیفەالدین ناوێك سەر زنجیرەی حاکمانی موکری بووە.

[2] سا لی ١٠١٩ ، ١٦١٠ شا عەباس لە قەڵای گاو دولی مەراغە قوباد خانی موکری کوشتووە و بە دوای ئەودا ئەوەندی بۆی لواوە خەڵکی مووکوریانی قەتڵ و عام کردوە ئەو ساڵە بە موکوری قران ناودێرە وەک دەڵێن ژن و منداڵ و پەک کەوتە دەر نەچون هەڵێن، لە ئەشکەوتێک لە گوندی خوراسانە ی نزیک بۆکان خۆیان حەشار داوە، لەشکری شا عەباس پێ یان زا نیوە، ئاوریان دە ئەشکەوت بە ر داوە و دەرگای ئەشکەوتیان هەڵ چنیوە تێکڕا ئەوی دە وێدا بوون خنکاون، ئیستەش ئەو ئەوشکەوتە بە ئەشکەوتی موکری قران بە ناوبانگە.

**میر سەیف الدین موکری**

دەو ساڵانەدا کە دەسەڵاتی پاشایانی ئاق قو ینلوو و قە رە قوینلوو لەق ولۆق وسەرەو ژێر بوو[3] ئەو ئەمیر سەیفە الدینە سەری هەڵدا و زۆربەی ناوچەکانی موکریانی وەك دریاس(دریاز) و دوڵ باریك(دوڵی سەردار ئاباد و ئاجی کەند)، یەختەچی و یەلتەمر و سڵدوز(سندوز) ی لە چنگ ترکە چابقلوەکان دەرهێناوە و حکوومەتێکی بە دەسەڵاتی دامەزاندوە، کاتێ مردووە دو کوڕی لێ بەجێ ماوە: "سارم" و بابا عومە".

**"سارم" کوڕی سەیف الدین**

سارم بۆتە جێ نشینی بابی. شا سمایلی سەفەوی(ساڵی ۹۰۲ ق ژیاوە) چەند جاری هێرش کردۆتە سەر سارم، هەموو جارێ تێك شکاوە، کاتێ سارم مردوە سێ کوڕی بوون: قاسم ، برایم و حاجی عومەر. هەرسێك کوڕەکانی سارم لە تافی لاوەتیدا مردون و دەسەڵاتی ناوچەکە کەوتۆتە دەس ئامۆزاکانیان، یانی کوڕانی روستەمی کوڕی باباعومەر کوڕی سەیفەالدین. ئەوانیش سێ برا بوون: میر حەیدەر و میر نەزەر و میر خدر. وڵاتی موکریانیان لە بەینی خۆیان دا بەش

---

[3] قەرەقوینلو یان ساحەبی مەڕی ڕەش ساڵی ۸۷٤- ۷۸۰ هجری ژیاون

کردووه. دریاز و دۆڵ باریک و سلدوز و ئه ختەچی وەبەر حەیدەر برا گەوره کەوتووه. یەلتەمر بووه به بەشی میر نەزەر و ناوچەی مەحمەشه دراوه به میرخدر. ئەو سێ برایه پاڵیان وه شا تەهماسبی سەفەوی(ساڵی ١١٤٢ هجری ژیاوه) داوه و له عوسمانیان کشاونه وه.
تاکوو ساڵی ٩٤٠ک= ١٥٤١م سوڵتان سولەیمانی عوسمانی لەشکری ناردۆته سەریان لەشکرەکەش ئەمانه بوون: سوڵتان حوسین بەگی ئامیدی، زەینەل بەگی هەکاری و میرەکانی برادۆستی، هەموشیان کورد بوون. شەڕێکی خوێناوی له بەینیان دا رووی داوه. دهو شەڕه دا هەر سێك برا حاکمه کانی موکریان کووژراون.
شیخ حەیدەر دو کوڕی لێ به جێ ماوه به نێوی "میره" و"حوسین". میر نەزه ر کوڕێکی بووه به نێوی "بەیرەم". میر خدر دو کوڕی بوون به نێوی "ئولوغ بەگ" و "میر حەسەن" بەڵام هەموو کوڕەکانی ئەو سێ برایه میرمنداڵ بوون و نەیان توانیوه دهسەڵات بگرنه دست.

## میره بەگ کوڕی حاجی عومەر

پاش کوشتنی ئەو سێ برایه سوڵتان سولەیمانی عوسمانی "میرەبگی" کوڕی"حاجی عومه" ی کوڕی "سارم" ی کوڕی "سەیفه الدین" ی کردۆته حاکمی موکریان. ئهو میره بەگەش زوو مردوه ،کوڕیکی لێ

به جێ ماوه به نێوی "مسته فا" ئەویش نەیتوانیوه حکوومەتەکەی موکریان بگرێته ده ست.

## میره بەگی کوڕی شیخ حەیدەر

وەك پێشتر کوتمان، حەیدەربەگ کاتێ کوژرا، کوڕەکانی مندالْ بوون. میره بەگی کوڕی حەیدەر بەگ گەبووەته تەمەنی لاوەتی، پاش مردنی مامی له عوسمانیان کشاوه و پالْی وه شا تەهماسبی سەفەوی دا ومیرایەتی موکریانی کەوته دەس. زۆری پێ نەچوو شا تەهماسب مرد.

میره بەگ لەگەڵ شا سمایلی سەفەوی ڕێك کەوت و مەزنایەتی موکریانی هەربه چنگەوه ما. له پاش ئەوەی شا سمایلیش مرد وسوڵتان محەمەد[4] بوو به شا، قزلباش ده موکوڕیانیان هەڵکێڵا، میره بەگیش به ناچاری پاڵی وه سوڵتان مرادی عوسمانی دا، سوڵتانی عوسمانی ئەو هەلەی قۆستەوه و له دژی سەفەویان کەڵکی لێ وەرگرت جگه له حکوومەتی موکریان موسلیشی پێ بەخشی و وڵاتی بابانیشی بۆ خسته سەر موکریان هەروەها هەولێر وهەندێ له ناوچەکانی مەراغه وتەوڕێزیش درا به کوڕەکانی. میره بەگ لەگەڵ

[4] سوڵتان محومود خدا بونده ساڵی ٩٨٥ هجری واته ١٥٧٨ زایبی ژیاوه

محەمەد پاشای والی واندا هێرشی کردە سەر ورمێ، گرتی و لەوێشڕا بەرەو مەراغە ڕۆیشت و ئەوێشی لە چنگ قزڵباشان ڕزگار کرد. میرە بەگ بەو سەرکەوتنانە ئەوەندەی دیکە دەسەڵاتی پەرەی سەند و لە لایەن سوڵتانی عوسمانی ڕا ناز ناوی پاشایەتی پێ بەخشرا و گەڕاوە وڵاتی خوی کاتێ هاتەوە موکریان حەسەن بەگی ئامۆزای کە پیشتر لە لایەن عوسمانیانەوە دریازی پێ بەخشرابوو، نیازی نەبوو دریاز بداتەوە بە میرە بەگ.

لێیان بوو بە شەڕ، حەسەن بەگ خۆی ئاویتە قەڵا، میرە بەگ دەوری قەڵای دا، زۆری نەمابوو قەڵا بگیرێ، بە ناچاری پاڵی وە سوڵتان محەمەدی سەفەوی دا، ئەویش ڕێزی لێ گرت و ناوچەی دێخورقان (ی لای تەورێز)ی دایە بە سەری ڕا بگا. ئەمجارە میرە پاشا لە حوسینی برای دردونگ بوو، لای وابوو یارمەتی ئامۆزاکانی داوە لە دژی ئەو، بەو بەهانەیە حوسین بەگی برای گرت وکوشتی. میرە بەگ چەند ساڵێك بەسەربەخویی و دەسەڵاتیکێی زۆر ڕاییوارد، تاکوو جەعفەر پاشای وەزیری عوسمانی تەوڕێزی گرت[5] ئەمجارە لە میرە بەگ کەوتە بڕو بیانوو، زۆر لە ناوچەکانی لە چنگ دەرێنا. شیخ حەیدەری کوڕە گەورەی میرە بەگ لە ناوەچەی مەراغە حکوومەتی

[5] ساڵی ٩٩٣کۆچی(١٥٨٤ز) تە وریز لە لایەن عوسمانیەوە گیراوە

دەکرد، قەڵای "سار و قورغان" ی بنیات نابۆوە ، کونە قەڵایەك بو ئەمیر تەیموری گۆڕەکانی تێکیدابوو، ساڵی ١٠٠٢ک = ١٥٩٣میلادی کاتێ خدر پاشای میری میرانی بەغدا کرا بە والی تەورێز، کەوتە فێڵ وتەڵەکە لە شیخ حەیدە ر و بەهانەی پێ دەگرت وتەماعی دە قەڵای سارو قورغان کردبو. هوزی مەحموودی هینا ئەو ناوچەیەی وا قەڵاکەی تێدا بوو، بەڵام مەحموودییەکان دە ڕۆستی شیخ حەیدەر نەهاتن.

ئەمجار خدر پاشا بۆ خۆی ڕەگەڵ مەحموودییەکان کەوت، شیخ حەیدەر زۆری حەول دا نەبێتە شەڕ و بێ خوێن رێژی کێشەکە کۆتایی بێت بەڵام خدر پاشا لێبرابو کە دەسەڵاتی لە دەس درێنێ و قەڵاش بگرێ. بە شەڕ نەیتوانی شیخ حەیدەر لە ناو بەرێ، شیخ حەیدەر کەمی مابوو بەسەریاندا زاڵ بێت، میرە بەگی بابی کەوتە بەین و نەی هێشت مەحموودی و هێزی عوسمانی کوشتاریان زۆر لێ بکرێ.

میرە بەگ چوار کوڕی بوون: بداغ بەگ، قاسم، شیخ حەیدەر و حوسین"

شەڕفخان تاکوو ئێرە باسی حاکمانی موکریانی[6] کردوە ودەڵی ئیستە لە کوڕانی میرە بەگ هەر شیخ حەیدەر ماوە و دەسەڵاتی موکریانی بە دەستە.

لە پەراوێزی شەڕەفنامە کوردیە کەی دا هەژارمێژووی موکرییەکان ئاوە ها دریژە پێ دەدات و لە زمان حوسین حوزنیەوە دەڵی: میرە بەگ دوو کوڕی دیکەشی بوون بە نێوی ئاوداڵ بەگ و ئەمیر خان. ئەمیر خان بە سەر گەرمەروود ڕاگە یشتوە شا عەباس لەشکرێکی زۆری ناردۆتە سەر و لە نەکاو کوشتویانە.

ئەوداڵ بەگیش پەنای بە ئەمیر خانی یەکدەست بردووە، هەر لەگەڵ ئەوێش لە ماڵی ئەلیاسی خەلیفە کووژراوە. شیخ حەیدەر لەگەڵ جەعفەر پاشای عوسمانی لێیان بۆتە شەڕ و لەشکریان لێك کردوە سەفەوی لە داخی عوسمانیان یارمەتی شیخ حەیدەریان داوە و بە هەر دووك لایان تەوڕێز و نەخجەوان و چفرسەعد یەریڤان یان لە چنگ عوسمانیان دەرێناوە لەو شەڕانە دا لە هێرشێکدا لە قەڵای یەریڤان شیخ حەیدەر کوژراوە.

[6] کتێبی حاکمانی موکوریان نووسراوەی محەمەد جەمیل ڕوژ بەیانی چاپی بەغدا ساڵی ١٩٩٢ سەرچاوەیەکی باشە بۆ زانیاری لە بابەت موکوریانەوە.

**قوباد خان**

شا عەباس دوای کووژرانی شیخ حەیدەر، قوباد خانی کوڕی شیخ حەیدەری کردە جێ نشین و حاکمی موکریان. چونکێ قوباد خان میر منداڵ بوو، هەندێ لە گەورەپیاوانی موکوڕیانی بۆ کردە سەرپەرشت.

قوباد خان کاتێ بە خۆی دا هات و بوو بە لاوێك، ناوچەکانی د ەور وبەری خستە وە ژێر دهسەڵاتی خۆی، زۆر بە کارامەیی و زیرەکی حکوومەتی بەڕێوە دەبرد. شا عەباس لەو پەر هاویشتنە و لەو وریایی وتێگەیشتوییە ترسا، لە بەهانە دەگەڕا لە ناوی بەرێ. فەرمانی دایە لەگەڵ هێرش بەران کەوێ بۆ سەر قەڵای دمدم، بەڵام قوباد خان خۆی گنخاند ونەچوو، شا عەباس ئەوەندەی دیکە لێی تووڕە بوو.

ساڵی ١٠١٨- ١٦٠٩ شا عەباس بە لەشکرەوە لە چیای قەرەباغ لەشکربەزی کرد. قوباد خان لای وابوو شا عەباس ئەمەگی بابی ڕە چاو دەکا لەگەڵ چەند کەسێك هەستا چوو بۆ بەخێر هێنانی شا. زۆری ڕێز لێ گیرا. دواتر شا بە لەشکرەوە هاتە ناوچەی مەراغە، و لە نزیک قەڵای گاودۆڵ بارگە وبنەی خست. ئەو قەڵایە ئەودەم پایتەختی میر نشینی موکریان بوو. ئەمجارەش قوبادخان بە خۆی و کۆمەڵێکی زۆر لە ناودارانی موکری چوە بە خێرهاتنی شا. بە فەرمانی شا بانگیان کردنە جێگەیەکی دیاری کراو، یەکە یەکە

بردیاننه ژورێك و كوشتیانن و نەیان هێشت بە یەكتر بزانن، بەو جۆره تاقیان لێ بڕین. ئەوجار هێرش كرایە سەر قەڵای گاو دۆڵ و غافل گیریان كرد و هەرچی تێدا بوو كوژران. ئەو كوشت وكوشتاره ساڵی١٠١٩- ١٦١٠ بەڕێوه چووه ومەشهووره بە ساڵی قەتڵ وعامەكەی موكریان. یان موكری قران." (عالم ئارای عەباسی لاپەڕەی ٢٣٣)

وەك دە پەراویزەكەدا نووسراوه شا عەباس موكوڕیانی داوەتە دەس شێر بەگ ناوێك، كوڕی ناسر بەگ لە بنەماڵەی میرانی تەرگەوەر.

تا كوشتنی قوباد خان، مێژووی موكوڕیان روونە، بەڵام لەوێ بەولاوه تا دەسەڵاتی بوداخ سوڵتان مێژووی موكوڕیەكان تێكەڵ پێكەڵە.

وەك عزیز خانی سەردار كوتویە، بنەچەكەی دەچێتەوه سەر سارمی كوڕی قوبادخان. وادیاره ئەو سارمە كوڕی ئەو قوباد خانە بووەكە شا عەباس كووشتویە و دەبێتە سارمی دووهەم لە حاكمانی موكری .

كاتێ قوباد خان كوژراوه خزم و كەس وكاری سارمی كوڕی دوور دەخەنەوه و دەیشارنەوه. سارم بە كارامەیی وزیرەكی خۆی لە شاخەكانی كوردستان هێزێكی پێكەوه ناوه و حكوومەتی موكریانی ژیاندۆتەوه، لە توند وتۆڵی خۆی هێزێكی زۆری پێكەوه ناوەتەوه و چەند قەڵای نوێی بنیات ناوه، یەكیان لە سەر شاخی تەرەغە كە لە

ناوەندی موکوڕیانە.  ئێستەش شوێنەواری سەنگەرەکانی ماون، هەژار دە بەرەو مەکوڕیان دا دەڵێ: "سەنگەری سارمی خوێن ڕێژی عەجەم" لە چەند جێگەیتر قەڵای سارم هەیە. وا دەردەکەوێ سارم پاش شەڕ و کوشتارێکی زۆر کووژرابێ و بنەماڵەکەی لە ناوچەی سەردەشت خۆیان لە سەفەویان حەشاردابێ و لە گوندی نستان[7] کە چەپەک ودورە شارە، نیشتەجێ بووبن. بنەماڵەکەشیان دەسەڵاتی موکریانیان لە دەس  داوە، بەرە بەرە بنەماڵەی بداغ سوڵتان کە بن ئامۆزا خزمی ئەوان بوون بوونە حاکم.

بنەماڵەی قوباد خانیش بێ دەسەڵات و دوورلە کاری حکوومەتی لە نستان ماونەتەوە. وەك پیشتر کوتمان، عزیزخان بە خەتی خۆی بنەماڵەکەی بردۆتەوە سەر سارمی کوڕی قوباد خان. ئەوە شەجەرەی حاکمانی موکری و بە دوای ئەوانیش دا عزیز خانی سردارە.

عزیز خان لە گوندی نستان لەگەڵ فە ڕروخ خانی برای لە حوجرەی فەقێیان دەرسی خوێندووە و خەت وسەوادێکی باشی پەیدا کردوە . کاتێ تەمەنی دەگاتە نزیک بیست ساڵان و بە دەور و بەری خۆی دا

---

[7] نستان گوندێکە لە ناوچەی گەورکی سەر شاری سەردەشت لە سی کیلومتری با کووری سەردەشت هەڵکەوتوە

دەڕوانیّ، کەم وکۆڕیی ناومالّیان ئازاری دەدات بە تایبەت کە دەزانیّ باپیرانی حاکم و دەسەڵاتداری وڵاتە کە بوون وبە ناحەق شای ئێران کووشتوونی. ئێستەش وا بیّ دەسەڵاتن و بنەماڵەی بداغ سولّتان هیچ ئاوڕێکیان لیّ نادەنەوە، ئیتر بیری ڕزگار کردنی خوی و بنەماڵەکەی دکەوێتە مێشکی و بە تەمای چوونی شارێکی گەورە دەبێت .ئێستەش ئەو دابە لە کوردستان هەیە بۆ کار دەچنە شارە گە ورەکان. ئەویش دەبێستیّ لە تەورێز هەم کاری دەولّەتی، هەم کاسبی دیکەش گیر دەکەویّ.

خەیاڵی چوونە تەورێزی لەگەڵ یەکیّ لە ڕەفیقەکانی کە فەقێیەکی حوجرەی نستان و هاودەرسی بووە، باس دەکا، فەقیش ڕازی دەبیّ و بە جووتە دەکەونە خۆ ساز کردن. محەمەد سولّتانی بابی دو ئەسپیان دەداتیّ و بەلّەدیان ڕەگەڵ دەخا لە نستان ڕا یەك مەنزڵ دێنە گوندی سەردەراباد ،ئەو سەردەمە نێوی کانیە سپی بووە، کە دەکەوێتە نێوەڕاستی ڕێگای سەردەشت بۆ بۆکان .

## بەشی دوو

پێشتر کوتم سەردار لە نستان ڕاهاتۆتە گوندی سەردەراباد.

شەوێ لەوێ ماوەتەوە، ئەودەم نێوی کانیە سپی بووە، بەیانی بەرەو بۆکان وەڕێ کەوتووە، لە بۆکان لە ماڵی مەردان بەگییەکان دا دەبەزێ، خەڵکی بۆکان کە دەزانن ئەوەکوڕی محمد سوڵتانی نستانە و لە بنەماڵە میرەکانی موکوریانە زۆری ڕێز لێ دەگرن کەیخودا و ڕیش سپیەکان هەموو دەچنە لای و بەخێرهاتنی دەکەن.

دوای دە ڕۆژ حەسانەوە دەڵێ هاتوم بچمە تەورێز و دەبێ ڕێنماییم بکەن. خەڵکیش دەڵێن بە سەر چاو دەبێ راوەستی کاروانی تاجرانی بانە وسقزیش بێن و لەگەڵ تاجرانی ئێرەش وێکڕا دەڕۆن بۆ تەورێز تۆشیان ڕەگەڵ دەخەین، فەقێ کەی نستانیشی هەر لەگەڵ بووە. فەقێ زۆر زیرەک و خۆ ڕێک خە ر دەبێ ، هەست دەکا خەڵکەکە لە مەلایەک دەگەڕێن بۆ پێش نوێژی، قسەیان لەگەڵ دەکا و دەسازێن و دەیکەنە پێش نوێژی مزگەوتەکەی بۆکان. عەزیز خانیش کاتێ کاروانی تاجران ساز دەبێ ڕەگەڵیان دەکەوێ بۆ تەورێز، لە ڕێگە ترس وخۆف پەیدا دەبێ دەڵێن چەتە ڕێگەی گرتووە و خەڵکی تاڵان دەکەن ،عزیز خان دەڵێ مەترسن من نایەڵم چەتە زەفەرتان پێ بەرێ. زۆریان دڵخوشی دە داتەوە .کیشک و پێش قەراوڵ دادەنێ و بۆخۆشی بەسەر رادە گا ئەو چەند ڕۆژەی بەڕێوە دەبن شەو و ڕۆژ کێشک دەکێشێ ،تاکو کاروان بە بێ مەترسی دەگەیەنێتە تەورێز. لە تەورێز تاجرەکان دەیبەنە مەنزڵی خۆیان و زۆری ڕێز لێ دەگرن و بە زۆر پیاوی ناوداری دە ناسێنن. بە هۆی خەت وسەوادێکی باش کە بوویەتی زۆری

پێ ناچێ له كاری دەوڵەتی دادەمەزرێ و دەیبەنە سەربازخانە كە دەیبینن وا خویندەوار و چالاک و كار لە دەس هاتووە دەیكەنە ئەفسەر و چەند سەربازی لە بەر دەستی دادەنێن. دەو وەختەدا امیر نیزام ( میرزا تقی خان ئەمیركەبیر) هاتۆتە تەورێز و بۆتە پێشكاری وەلیعەهد ناسر الدین شا، ئەمیركەبیر كاتێ عەزیز خان دەبینێ و كارەكانی هەڵدەسە نگێنێ، تێدەگا ئەو پیاوە بۆ كاری گە ورەتر دەبێت دەیكاتە فەرماندەی فەوجی شەشی لەشكرەكە دەرەجەی دەچێتە سەر و لە نێو لەشكری تەورێز ناو دەردەكا.

عزیز خان ڕادەسپێرێتە وڵاتی خوی نستان كە برا گە ورەكەی فەڕوخ خانیش بێت بۆ تەورێز. فەڕوخ خان دێتە تەوڕێز و لەگەڵ خوی فەقێكەی هاودەرس و دۆستی عەزیز خانیش كە لە بۆكان ببووە پێش نویژ دێنێت بۆ تەورێز. وەك دەماودم گێڕاویانەتەوە، كاتێ عەزیز خان چووە بۆ تەورێز و لەگەڵ فەقێی دۆستی لێک جوێ بوونەوە جووتێک كەڵاشی كوردی دە پێ دا دەبێ لە بۆكان كەوشی تەورێزی باش دەكڕێ و لە پێی دەكا، كەڵاشەكە لای فەقێی دۆستی بەجێ دێڵێ و دەڵێ با ئەو كەڵاشە یادگاری من بێ لای تو با قەول و قەرارێكیش بكەین من ئەوە دەڕوم بەرەو تەورێز هەرگا كارێكی باشم دەس كەوت و دامەزرام، تۆش بەرمەلای خۆم، تۆش هەروەها كاتێ كاری باشت دەس كەوت منت لە بیر بێت. فەقێ دەڵێ بەسەرچاو قەتت لە بیر ناكەم، كەڵاش هەڵدەگرێ و دە بوخچەی خویدا ڕایدەگری، كاتی فەڕوخ خان دێت بچێ بۆ تەورێز، بە فەقێ دەڵێ عەزیز خان جێ و مەكانی چۆتە سەر و ڕای سپاردوە منیش بچم لەوی دام دەمەزرێنێ لەگەڵ كاربەدەستانی وەلیعەهد دۆستایەتی پەیدا كردووە، فەقێش دەڵێ كە وابێ منیش دێم بەڵكوو لەوێ كارێكی باشتر بدوزمەوە. هەردووكیان ساز دەبن و دەڕۆن بۆ تەورێز لەوێ عەزیز خان دەبیننەوە . فەقێ كەڵاشە یادگارییەكەی

عزیز خانیش لەگەڵ خوی دێنێ. دەو وەختە دا کە ئەوان دەگەنێ عزیز خان لە مەجلسێکی زۆر گە ورەدا کە پیاوی ماقووڵی دەرباریشی لێ بووە، دانیشتبوو، دەڵێن برایەکت و دۆستیکت هاتوون. بانگیان دەکاتە ژوور و زۆر بە ڕێزەوە بەخێرهاتنیان دەکا. فەقێ بوخچەیەکی لە پێش دادەنێ، عزیز خان کە دەیکاتەوە کەڵاشە کۆنەکانی خۆی دەناسێتەوە  و لەسەر سەریان دادەنێ و ماچیان دەکا و ڕوو دە خەڵکەکە  دەکا  و دەڵێ ئەوە کەوشی من بووە پێش ئەوەی بێمە تەورێز و بە یادگار لە لای ئەو فەقێیەم داناوە، ئەو فەقێیەش دۆست و هاودەرسی من بووە، قەول وقەرارەکەشیان بۆ باس دەکا و فەقێ دەباتە لای ژورووی خۆی.

پاش ئەوە فەڕوخ خانی براشی لە لەشکری تەورێز دا دا دەمە زرێ و فەقێش بەو هەموو وریایی و خۆ رێک خەریەیەوە لە تەورێز دەبێتە مەلا وەك دەڵێن لە پاشان بۆتە شیعە وسیقەت و الاسلام تەورێز ئەو فەقێیە بووە.

عزیز خان ڕۆژ بە ڕۆژ لە لای کار بەدەستان ڕێزی زیاتر دەبێت و پلەی دەچێتە سەر تاکو دەبێتە فەرماندەی فەوجی شەشی تەورێز، ئەودەمە زۆر پلەیەکی بەرز بووە. لە هەموو ئازەربایجان ناوی بە ئازا و کار لە دەسهاتوو بڵاو دەبێتەوە.

ساڵی ١٢٥٣ و١٢٥٤ کاتێ حاکمانی ئەفغان یارمحەمەد خان و کامران میرزا[8] شۆڕشێك هەڵدەگیرسێنن و بە تەمای جوێبوونەوە لە ئێران دەبن، محەمەد شای قاجار لەشکریان دەکاتە سەر. فەرمان دە ر دەکا لە هەموو ناوچەکانی ئێران فەوجی هەڵبژادە و تایبەت کۆ بنەوە و سوپایەکی زۆر و زەبندی لێ پێك بێنن و بەرەو هەراتی ئەفغانستان هێرش بەرن خۆشی لەگەڵیان دەچێ لە ئازەربایجان ڕا فەوجی شەش بە فەرماندەی عزیز خان هەڵدەبژێردرێ، ئەوە هەوەڵ ماموریەتی

[8] گۆڤاری یادگار بە مدیریەتی عەباس اقبال ئاشتیانی سا لی ١٣٢٦ ساڵی چوارمی ژمارەی یەک و دو لا پە رە ی ٤٢

عزیز خان بووە، کاتێ پێی دەڵێن خۆی ساز کا بۆ ئەو لەشکر کێشیە. فەڕوخ خانی برای دەنێرێتە وە موکوریان چەند پیاوی کارامە و ئازا هەڵبژێرێ و لەگەڵ خۆی بیانهێنێ بۆ تەورێز، لەو کوردانەی وا فەڕوخ خان هێناونی عزیز خانیش لە تەورێز هەندێکیان هەڵدەبژێرێ و تێکەڵ بە فەوجی شەشی دەکا و وەڕێ دەکەون بۆ تاران و لەوێرا بۆ هەرات لە ڕێگە محەمەد شا کاتێ عەزیز خان دەبینێ و دەڕوانێتە هەڵس و کەوتی، بەر دڵی دەکەوێ و دەزانێ ئەوە فەرماندەیەکی زۆر کارامەیە.

دە پازدەی مانگی رەمەزانی ساڵی ١٢٥٣ هەرات دەورە دەدرێ و حاکمەکانی هەرات دەچن دە قەڵاوە و خۆیان بۆ شەڕ و بەرگری تەیار دەکەن، پاش دەورەدان و چەند هێرش، یار محەمەد خان و کامران میرزا ڕادەسپێرنە شا کە دەس لە هێرش ڕاگرێ و نوێنەرێك بنێرێتە نێوشاری هەرات تاکو خۆیان بە دەستەوە بدەن، محەمەد شا عەزیز خان هەڵدەبژێرێ بە نوێنەری خۆی. محەمەد حەسەن ئیعتمادالسەلتەنە مێژوو نووسێکی ڕۆژگاری عەزیز خانە لای وایە محەمەد شا بۆیە عەزیز خانی هەڵبژاردووە بۆ وەی بچێتە نێو قەڵای هەرات، هەوەڵ لەبەر سەواد وخوێندەواریە زۆر باشەکەی کە عەزیز خان بویەتی، دووهەم ئەفغانیەکان ئایینیان سوننە بوو، عەزیز خانیش کورد وسوننە بوو،

عزیز خان بە بێ سێ و دوو دەڵێ بەڵێ دەچم، چەند کەسێك لەو کوردانەی لە تەورێز ڕا هێناونی ڕەگەڵ خۆی دەخا و دەچێتە نێو قەڵا، لەوێ زۆری ڕێز لێ دەگرن و دو ڕۆژ دەمێنێتەوە. دوای قسە و باسێکی زۆر لەگەڵ کامران میرزا و حاکمی هەرات دەگەڕێتەوە لای محەمەد شا و بۆچوون و ڕای خۆی بە شا ڕادەگەیێنێ و دەڵێ بە تەمان فریومان بدەن و کات ڕابوێرن، چاوەڕێن لەشکری ئینگلیز یارمەتیان بۆ بنێرێ و بە بەرتیل و پێشکیش خۆیان ڕاگرن و دەڵێن

پێشکەش وشتی زۆر دەدەین بە شا موڵەت مان بدات و درۆ دەکەن خۆیان بە دەستەوە نادەن. شا فەرمانی هێرش دەدات وهەرات دە گیرێ. نادر میرزا دە کتێبی تاریخ و جغرافیای دارالسلطنەی تەورێزدا[9] دەڵێ دوای ئەوەی عزیز خان چوە لای ئەفغانیەکان و بە سەرکەوتوویی هاتەوە، جێگە و ڕێگەی لە لای محەمەد شا زۆر چوە سەر و ڕێزی زیاتری لێ دە گرت.

دەو ڕۆژگارە دا کەمتر سەرانی نیزامی خویندەواریان هەبووە، دە نێو ئەو فەرماندە نیزامیانە دا عزیز خان زۆر باسەواد و خەت خۆش و ئەهلی زانست بووە، بۆ خۆی گوتبوی لە گوندی نستان لە حوجرەی فەقێیان و لای مەلای زۆر عالم غاڵبەی علمە عەرەبیەکانی خوێندووە، ئەوەش دەزانین کەسێ عەرەبی باش خوێندبێ لە ئەدەبییاتی فارسیش شارەزایی باش پەیدا دەکا. دوای ئەوەی کیشەی هەرات کۆتایی پێ هات عزیز خان لە تاران ماوە و لەگەڵ میرزا نەزەر عەلی حەکیم باشی بو بە دۆست. ئەو میرزا نەزەرە زۆر لە دام ودەزگای محەمەد شا نزیک بو و پیاوێکی سۆفی مەسلەکیش بوو، زیاتر هۆی دۆستایەتی لەگەڵ عزیز خان لەو ڕێگە ڕا بوو چوونکە عزیز خانیش زۆر لە تەریقەتی سووفیگەری بەتایبەت نەقشبەندی نزیک بوو و مەنسووبێکی زۆر بە تاسوبی شیخ عوسمانی سراج الدین هەورامان بوو. زۆربەی میژوو نوسەکان لایان وایە ئەو میرزا نەزەر عەلیە بۆتە هۆی ناساندنی زیاتری عەزیز خان بە دەرەبا ری شا.

ئەوەی ڕاستیی بێت دوای ئەوەی لە شەڕی هەرات عەزیز خان خوی ناساند و دەرکەوت کە لە زۆر باراندا لێهاتو و کارئامەیە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە نێو رجاڵی

[9] نادر میرزا – تاریخ و جغرافیای دا رالسلطنه تەورێز چاپ ستودە ساڵی ١٣٧٣ ل ٢٦١

ئەو ڕۆژگارە دا نێوی دەر کردوە. دە زۆر کاری لەشکری دا کە جێی ترس بووە، عەزیز خانیان هەڵبژاردووە.
ساڵی ١٢٥٦ه.ق واتە ١٢١٩ ه. ش کێشە و هەرایەک لە مابەینی فەرەیدون میرزا والی شیراز و خەڵکی شارەکە ساز بووە، خەڵک شکایەتی لە محەمەد شا کردوە شا میرزا نەبی خانی قەزوینی ئەمیر دیوانی خۆی ناردۆتە شیراز بۆ لێکۆڵینەوە[10]. میزا نەبی خان پێش ئەوەی بڕوا بۆ شیراز کەوتۆتە پرس و ڕا بۆ دیتنەوەی کەسێکی باش و لێهاتوو تاکو لەگەڵ خۆی ببات بۆ شیراز، میرزا نەزەر عەلی، عەزیز خانی موکری پێ دەناسێنێ و دەڵێ هەم باسواد و خەت خۆشە، هەم ئازا و کار لە دەسهاتووە، میرزا نەبی عەزیز خان بانگ دەکا و دەڵێ خۆت سازکە بۆ کارێکی وا دەچینە شیراز، دەبێ لەگەڵمان بێی. دەچنە شیراز و هەندێ کێشەکان کەم دەکەنەوە و عەشایر و خەڵکەکە بە ئاشتی وسازش پێك دێنن و ودەگەڕێنەوە تاران.
هەواڵەکە بە شا دەگەیەننەوە. دەو وەختە دا حاجی میرزا ئاغاسی سەدر ئەعزەم بووە، دایمە دووبەرەکی و هەرای ناوەتەوە، و دە والی شیرازی هەڵپێچاوە و خەڵکی لێ دنەداوە، دیسان هەرا هەڵایساوە تا ساڵی ١٢٥٩ ه. ق واتە ١٢٣١ ه.ش ئەمجار میرزا نەبی کرا بە والی شیراز. لە سەفەری پێشوو ڕا میرزا نەبی لە عەزیز خان ڕازی بوو و بۆی ڕوون ببۆوە کە دە ڕوژی تەنگانە دا ئەو سەرهەنگە بە کار دێت دیسان لەگەڵ خۆی دەیباتە شیراز. میرزا نەبی ساڵیک

[10] گۆڤاری یادگار بە مدیریەتی عەباس اقبال ئاشتیانی سا لی ١٣٢٦ ساڵی چوارمی ژمارەی یەک و دوو لاپەڕەی ٤٢

لەوێ ماوە و لا برا، ئەمجارە حوسین خان مقدم (نزام الدولە) کرا بە والی ئەیالەتی فارس و ناردرا شیراز[11].

حوسین خان هەر لە تەورێز ڕا عەزیز خانی باش دەناسی، زۆری پێ خۆش بوو کە لەوێ یە، دەیزانی لە ئەفسەرە ئازاکانە، بۆیە هەر لە جێگەی خۆی دایمەزراند بە سەر پەرشتی هاوکارەکان و فەرماندەی نیزامی فەوجە کانی تەورێز.

لە بەهاری١٢٦١ ه. ق حوسین خانی مقدەم حاکمێک دادەنێ بۆ حەومەی شیراز و ناوچەی فەسا بە نێوی میرزا محەمەدی فەسایی، عەزیز خان موکریشی دەکاتە نایبی.

ساڵی ١٢٦٢ حوسین خان مقدم لە شیراز ڕا دەچێتە تاران، و عەزیز خانیش لەگەڵ خوی دەبات ، چەند مانگێک دەمێننەوە، تاکو نەورۆزی ساڵی ١٢٦٣ ه.ق مەرەخەسی لە محەمەد شا وەر دەگرن ودەگەڕێنەوە شیراز، ساڵی ١٢٦٤ محەمەد شا بە نەخۆشیی نقرس مرد و، نا سرالدین شا چوە سەر تەختی سەڵتەنەت و بوو بە شای ئێران. لە تەورێز ڕا بەرەو تاران وەڕێ کەوت. ئەمیر کەبیریشی لەگەڵ بووە، هەر لە ڕێگە کاتێ دەگەنە زەنگان امیر کبیر دەکاتە سەدر ئەعزەم و ناز ناوی اتابکی دەدەنێ. حاجی میرزا ئاغاسی عەزل بووە کاتێ ئەو هەواڵە بە شیراز دەگا عزیز خان دەکەوێتە دڵەڕاوکێ چونکێ خزمەتی بە حوسین خانی مقەدم کردوە، ئاگاداری ئەوەش بوو هەر لە ئازەربایجان ئەمیر ئەو حوسین خانەی خۆش نەدەویست، عزیز خان بیری لێ دەکردەوە کە لە ئازەربایجان ئەمیر زۆری لەگەڵ باش بووە ، بەڵام وەك دەڵێن "هرچی از دیده رود از دل هم برود" لە مێژە ئەمیری نە دیتوە و ئیستەش دە خزمەت یەکێ لە

---

11 محمد جە عفەر خورموجی. حقا یق الا خبار ناسری ل ٢٩٥

مخالفانی ئەمیر دایە ،حوسین خان مقدەم هەر کە هەواڵی مردنی محەمەد شا و دامە زرانی ولیعەهد ناسرالدین شای پێ گەییشت، دیارە و پیشکەشیەکی زۆری ساز کرد و بە چەند کەس لە پیاوە ماقوڵان دا ناردیە تاران بو پیرۆزبایی شای تازە، بەڵام غافل لەوەی کە امیر کبیر ناهێڵێ هیچ پێشەوە چوونێک لە کاری حوسین خان روو بدات. کاتێ هەواڵی گۆڕانی حاجی میرزا ئاغاسی و جێگرەوەی ئەو لە لایەن تقی خان امیر کبیر بە شیراز گەییشت، بەتایبەت ئەو هەواڵە کە امیر لەگەڵ حوسین خان نا کۆکە و دیاری و پیێشکەشەکانی گل نەداوەتەوە، خەڵکەکەش حوسین خانیان خۆش نەدەویست، لە دژی هەستان.

فارسنامەی ناسری[12] باسی ئەو کێشە و هەرایەی شیراز ئاوا دەکات: زۆربەی عەشایر و خەڵکی شاریی دژی حوسین خانی مقدم یەکیان گرت، حوسین خانیش هێزی حکوومەتی بەدەستەوە بوو فەرماندەی هێزی حکوومەت سەرهەنگ عەزیز خان موکری بوو و فەوجی چواری تەورێزی بە دەستەوە بوو کە زۆریان لە پیاوە ئازاکانی موکوریان پێک هاتبوون، دوو فەوجی دیکەشی لەبەر دەست دا بوو. شازدە عەرابە تۆپیان پێ بوو، هەروها سەد کەس تۆپچیان هەبو. دژبەرانیش حاجی میرزا عەلی اکبر قەوام الملک بوو جگە لە شاری شیراز زۆربەی ناوچەکانی شیرازی بە دەست بوو، زۆر زوو توانی پازدە هەزار شەڕکەر کۆ کاتەوە، و بە هێزەوە گەیشتە دەشتی دڵگوشا نیو فەرسەخ دور لە شاری، نزیکەی پازدە هەزار کەسی دیکەش لە شاری دا لایەنگرانی حاجی قەوام خۆیان تەیار کرد.

---

[12] فارس نامە ناسری نوسراوەی حاجی میرزا حەسەن حوسینی فەسایی چا پ اول سا ل ١٣٦٧ سپهر تاران ج اول . ل ٧٨٩

ڕۆژی دوایە حاجی قەوام بە بیانوی دیتنی ئێلبەگی هاتە نێو شاری، و لەگەڵ ئێلبەگی یەکتریان بینی و پە یمانیان لە دژی حوسین خان مقدەم بەست.
تێکڕا ڕایان سپاردە حوسین خان کە کۆ بوونەوە یەکمان هەیە تۆش یان بۆ خۆ ت یان نوێنەرت بین ، حوسین خانیش  میرزا عەولای منشی و عزیز خانی سەرهەنگی بە نوێنەری خۆی ناردە کۆبوونەوەکە.
سەرانی فارس گوتیان پادشایەکی وا حوسین خانی کردبووە حاکمی ئەیالەتی فارس مرد، ئیستەش دیار نیە ئایا شای تازە حوسین خان دادەنێتەوە یان دەیگۆڕێ، ئێمە ڕامان لەسەر ئەوەیە حوسین خان براوتەوە تاران، وڵاتەکەمان بەجێی بێڵی بۆ خۆمان کار وباری خۆمان بەڕێوە دەبەین، شای تازە هەرکەسی کردە حاکم ئێمە خزمەتی دەکەین، ئەگەر ئەوەی نەکا هەرچی زووتر نەڕوات، دەبێ خوی بۆ شەڕ ساز کا.
حوسین خانیش کە ئەوەی بیست وهێزی دوژمنەکانی هەڵسەنگاند دە خۆی ڕا نەدەدی شەڕ بکا و لەو  لاشەوە نەیدەتوانی بە بێ ئیزنی تاران وڵاتەکە چۆڵ بکا، کەوتە  تەکبیر بە عەزیزخان و دەور و بەرەکەی بەڵکوو ڕێگە چارەیەک بدوزنەوە. وەڵامی پەیامەکەی وا داوە کە کات ڕابوێری تاکو ڕێگەیەک دەدوزرێتەوە.
ڕایسپاردە ئێلبەگی کە سەردەستەی دژبەران بوو گوتی بەڵێ زۆر باشە من وادکەم دەڕۆم و خەریکی خۆ سازکردن دەبم، بەڵام مواجبی سێ مانگی ئەو سەرباز و توپچیانە دەبێ بدەن چون لەگەڵم دینەوە بۆ تاران و لە ڕێگە ئازوقە و خەرجیان دەوێ،  کە ئێوە بیدەن من قەبزی دەوڵەتی تان دەدەمێ و بۆتان لە دەوڵەت وەردەگرمەوە،  و گوتیشی هەشت ڕۆژ مۆڵەت بدەن تا ساز دەبم ودەڕۆم. شەوێ عەزیز خان لە شاریی هاتە دەر، چووە لای ئێلبەگی و قسەکانی

حوسین خانی پێ ڕاگەیاندنوە بۆ خۆشی هێندێکی ترساندن و گوتی ئەو پەلەپەلە ئێوە عەقڵ قبوڵی ناکا من لام وایە ئێوە مواجبی سێ مانگە بدەن مۆڵە تێکیشی بدەنێ، چونکە چاک بێ یان خراپ، ئێستە نوێنەری دەوڵەتە لیرە. ئەگەر لەگەڵی بە شەڕ بێین و بی کووژین سبەی مواخزەی دەوڵەت تان دیتە سەر. ئەوانیش قسەکانیان پەسند کرد و مواجبی سێ مانگیان دانێ و هەشت ڕۆژیش مۆلەت تا دەڕۆن.

لەو لاشەوە حوسین خان خۆی ساز کردبوو بۆ شەڕ وبە تەمای رۆیشتن نەبوو تا مۆڵەت تەواو بوو، ڕۆژی هەشتەم بوو هیچ دیار نەبوو حوسین خان بڕوات، ئەودەم خەڵك زانیان فریویان خواردوە و ناڕوا.

تفەنگچی شاری نزیکەی دوو هەزار کەسێك چوونە سەربانی مزگەوتی وەکیل و خانوە بەرزەکان و دەستیان کرد بە تفەنگ هاویشتن بەرەو ئەرکی حکوومەتی و عەمارەتە دەوڵەتیەکان. بە دەستووری عەزیز خان سەربازە ئازەربایجانیەکان لەسەربانە بەرزەکانی وا بە دەستیانەوە بوو، سەنگەریان دامەزراند و هاتوچۆی خەڵکی شاری و مامووری دەوڵەتی بە جارێ بەسترا. ڕۆژی دوایە خەڵکی دە گەڕەك وێکڕا هێرشیان کردە سەر بازاری وەکیل و تالانیان کرد، ماڵی تاجری هێندە و هی دەرەوە هەرچی بوو بە تالان ڕۆیی. ئەو ڕۆژەش عەزیز خان زۆر ئازایانە دریژەی بە شەڕەکە دا و بە حوسین خانی ڕاگەیاند کە ترست نەبێ نایەڵم بستێک بێنە پێش. دەستووری دا تۆپچیەکان چوار تۆپیان لە مەیدانی ناڵبەند بەرانبەر دەرگای مزگەوتی وەکیل کە بە دەست دوژمنانەوە بوو دامەزراند و مزگەوتی وەکیلیان وەبەر تۆپان دا. دەرگای مزگەوت و دیوارەکانی لە چەند جێگە کونیان تێ کەوت و چوار کەس لە خەڵکی شاری کوژران. شەڕ سی ڕۆژ درێژەی کێشا دوژمنان بیست و پێنج سەنگەریان بەرانبەری لەشکری دەوڵەتی

دامەزراندبوو، لە هەرکام لەو سەنگەرانە سەد کەسێکی تێدا بوو. لە هەندێ جێگە مابەینی دوو دەستە کە زۆر کەم بوو، کەیخودا و ڕیش سپی شاری کەوتنە بەین و ناردیانە لای حوسین خان کە عەزیز خان بێتە حافزیە و ئەوانیش دێن بەڵکوو سوڵح بکرێ. هەر دووک لا ڕازی بوون بچنە حافزیە. عەزیز خان کاتێ ڕۆییشت بۆ حافزیە پۆلێکی زۆری سەرباز لەگەڵ خۆی بردبوو . خەڵك دیتیانن ئەو هەموو سەربازەی لەگەڵە ترسیان لێ نیشت کە مبادا لەوێ هەموویان بە دیل بگرێ. دەڕاستیش دا حوسین خان بە تەمای گرتن و زیندانی کردنی کەیخوداکان بوو. خەڵکە کەش هەر کەسەی چەند تفەنگ چییەکی خۆی بردبوو. لە ڕێگە لێیان بوو بە شەڕ و تەقە دامەزرا. خەبەر بە شاری گەییشت، خەڵك هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی دەوڵەتی، حوسین خان مقدەم دەستووری دا خەڵکیان وەبەر تۆپان دا نزیکەی چل کەس لە خەڵکی شاری و دە یان دوازدە کەس لە سەربازی دەوڵەتی کووژران. کاتێ دەنگی تەقەی نێو شاری بە عەزیز خان گەییشت، بە پەلە گەڕاوە و زۆر زوو خۆی گەیاندە سەنگەری سەربازەکانی، بە هاتنەوەی عزیز خان وورەیان بەرز بۆوە و هێرشی خەڵکەکەیان کشاندەوە. ئەو شەڕە نزیکەی چل ڕۆژی دریژە کیشا، دە و بەینەدا هەواڵی شەڕەکە بە تاران گەییشت و امیر کبیر هەمووی بیستەوە، بە پەلە ئەسڵان خان پێش خزمەتی شای نارده شیراز تاکو بزانێ چبووە و را پوڕتەکە بدەنەوە بە امیر. بە هاتنی نوێنەری امیر شەڕەکە کووژاوە، ئەمجارە ئەمیر یەکی کەی بە دەسەڵاتەوە نارده شیراز و حوسین خان مقدم (نزام الد و لە ) بانگ کراوە تاران دە ئاخرێ دا بە فەرمانی ئەمیر بارام میرزای مامی شا کرا بە حا کمی شیراز.

عەزیز خان دەو ئاڵو گۆڕە دا لە شیراز مابۆوە وەك ئاماژەم پێ کرد هەوەڵێ لە هاتنی ئەمیر نگەران بووە، نادر میر زا نووسەری میژوی ئازەربایجان لە قەولی

عەزیز خانەوە ئاوا دەنوسێ: کاتێ ناسرالدین شا لەسەر تەختی شای رۆنیشت و میرزا تەقیخان وەزیر ئەعزەم، بوو بە اتابک ئەعزەم ئەو هەواڵە بە شیراز گەییشت، من کەوتمە فکر و خەیاڵاتەوە، چونکە ئەو کابرایەم لە تەوریز ڕا باش دەناسی کە خوی درشت و توندی هەیە ، ئەگەرچی لە تەوریز لەگەڵ من باش بوو و من ژێردەستی ئەو بووم، کاتێ ئەو بە سەفیری ناردرا بووە ئەرزە روم، و من بەڕێکرامە دارالخەلافەی تاران. ئەو فەوجی چواری ئازەربایجانی وەرگرت، زیاتر بە هۆی چاکەی میرزا نەزە ر عەلی حەکیم باشیە وە بوو، دە دڵم دا دەمگوت ئەگەر چی ئەتابک ئەعزەم پێشتر لەگەڵ من مێهرەبان و باش بووە بەڵام لەمێژە لێک بێ خەبەرین، ئەمیریش ئەو میرزا علیەیی خۆش ناوێ، هەروەها ئەو بەینە لە شیراز یارمەتی حوسین خان مقدەمم کردووە دیسان ئەویش لە دۆستانی حاجی میرزا ئاغاسیە.

بویە لام وابوو ئەتابەک ئەعزەم، ئەوانە لە دڵ دا ڕا دەگرێ و ئەو فەوجی چوارەم لێ دەستێنێتەوە. هەر دەو خەیاڵاتانە دا بووم تاکو ڕۆژێکی قاسدێک لە تاران ڕا هات، نامەی یەکی پێ بوو، پشتی پاکەتەکەی بە نێوی من بوو و مۆری ئەتابەک ئەعزەمی پێوە بوو. بە ترسەوە نامەکەم کردەوە، تەنیا ئەو چەند ووشەیە بوو:

(عزیز بیا تا عزیزت کنم) دەس بەجێ خۆم ساز کرد و وەڕێ کەوتم، لە ڕێگە دیسان خەیاڵات سەری لێدام لەگەڵ دۆستانی وا هاوڕیم بوون باسمان دەکرد بلێی چ بێ، بلێی پلەی سووپاییم زیاد بکا وبمکاتە سەر تیپ، یان وڵاتەکەی خۆم سەردەشتم بداتە دەست کە دایمە دەفکری دابووم. بەڵکوو لە ئەولادانی بوداق سوڵتانی بستێنن وبیدەن بە من. بە و خەیاڵاتانەوە نزیک بوومەوە لە تاران کاتێ گەییشتمە دوو فەرسنگی دارالخلافە، دەستە سوارێکی زۆر وەدەر کەوتن، کە

گەییشتنی هەموویان فەرماندەی نیزامی بوون و بە فەرمانی ئەتابەک بەرەوپیرمەوە هاتبوون تیتێکڕا دەرەجەیان لە من ژوورو تر بوو، هەموو مبارک باییان لێ دەکردم، لە پەنایەکەوە لە یەک دوویەکی ناسیاوم پرسی بڵێی چ بێ، ئەو ڕێز و حورمەتە بۆ چییە؟ هەموو گوتیان هیچ نازانین تاکو دوێنێ ئەتابەک فەرموویە عەزیز خان دێت پێشوازی و پەزیرایی باشی لێ بکەن.

وەڕێ کەوتین بەرەو شار، ئەتابەك فەرموبووی بێتە لای خۆم لەگەڵ هەموو فەرماندەکان چووینە خزمەت ئەتابەك بە یاسای نیزامی سڵاوم کرد بە دەستی لە ماندو بوونی ڕێگەی لێ پرسیم. فەرمووی هەر ئێستە و بەو بەرگەوە بچۆ خزمەت ناسر الدین شا. چوومە خزمەت شا، بە ڕێزەوە بەخێرهاتنی کردم، فەرمووی خزمەتە گەورەکانی تۆ هەمووی ئەتابەکی ئەعزەم بە ئێمەی گەیاندوە، ئێستە وەختی هاتوە کە جەزای ئەو خزمەتانەت بدەینەوە، ئەوە کردمیە ئاجودان باشی هەموو سووپای ئێران، فەرمان و بەرگی تایبەت سازە، بڕۆ وەریانگرە و زۆر بە وریایی کارەکان بەڕێوە بەرە، هاتمە دەر و نوێژی شەوم کرد و چوومەوە خزمەت ئەتابەك، گوتی مەنزڵ و ماڵی تایبەت ئامادیە بڕۆ بحەسێوە. چوومە ماڵەکەی بۆیان ساز کردبووم.

بۆ شەوێ ئەتابەك بانگی کردم و دانیشتین دوو بە دوو زۆر بە ڕێزەوە کوتی زۆر توند وسەخت کارەکان بەڕێوە بەرە و ئەو خەڵکە بەو عادەتانەی حاجی میرزا ئاغاسی فێری کردوون ڕایان ماڵە و ترست لە کەس نەبێ. هاتمەوە ماڵێ و بۆ سبەینێ چوومە هەیوانێکی ڕازاوە کە خوانچە و تەبەقی هەڵوا وشیرینی جاتێکی زۆر لەگەڵ شەربەتی جۆراوجۆر داندرابوو، من لە لای ژوورەوو دانیشتم وایان بۆ دانام فەرماندە و سەرانی سووپا وورد و درشت هاتن سەعاتێکی پێ چوو گوتیان فەرمان و حەمایەل هات هەستە وەڕێگرە، بە پیر فەرمانەوە چووم تا

دەری عەمارت لەوێ میداڵیان بە شانمدا کرد و فەرمانم وەرگرت چوومە هەیوانەکە هەموو رجاڵی ئێران مبارک بادیان پێ کوتم. ئەو جار چوومە خزمت شا مبارک بادی پی کوتم، هاتمەوە لای ئەتابەك ئەویش مبارک بادی پی کوتم. ئەو هەموو خەیاڵاتەی من بە و جێگە گەییشت کە بە خەونیش نە م دە دیت. ئەوە وەرگێڕاوی ئەسڵی نوسراوەکەی نادر میرزایە دە کتێبی ئازربایجاندا کە پیشتر باسی کتیبە کەم کردبوو.

عەزیز خان کاتێ بوو بە ئاجودان باشی کل ئێران، عەلی خانی کوڕی کردە فەرماندی فەوجی چواری تەورێز. لەوەی بەولاوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە دەسگای ئەمیر کبیر دا جێگە و مقامی عەزیز خان چۆتە سەر کە لە بە شەکانی دواییدا باس دەکرێ هەروەها باسی هەموو بنەماڵەکەی دێنمە گۆڕێ.

درێژەی هەیە ...